# سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## چەند تایبەتمەندییەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:


- سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك تا ئاستێك درێژکراوەی سیاسەتی ناوەخۆیەتی، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەم کاریگەریە بەدەر نیە.
- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا (پێیان وایە) هەمیشە بانگەشەی پەیوەستبوون بە کۆمەلیێك بەها دەکات وەکو، لیبرالیزم، دیموکراسی، ماف مروڤ، ئازادی و سەرمایەداری.
- سیاسەتی دەستێوەردانو سەپاندنی هەژموون بەسەر جیهاندا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بەشێکی دانەبراوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.
- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەستە بە گۆڕان، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا کۆمەلێك پرس هەن تا رادەیەك نەگۆڕن بە تایبەتیش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەلاتی ناوین، وەك: سەپاندنی هەژمونی ئەمریکا، پاراستنی ئیسرائیل، پاراستنی ئاسایشی ووزە بە تایبەتیش نەوت، رێگریکردن لە بلاّوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی.

## کەناڵەکانی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

پرۆسەی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پرۆسەیەکی ئالۆزو فرە رەهەندە، چونکە کومەلّێك لایەن و دەزگای فەرمی و نافەرمی بە شدارن لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا وەك:

- **دامەزراوەی سەرۆکایەتی President**
- **دامەزراوەی کۆنگریس Congress**
- **وەزارەتی دەرەوە State Department**
- **وەزارەتی بەرگری Pentagon**
- **ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIA**
- **ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی National Security Council**

## کێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دادەڕێژێت؟



## یەکەم/ دامەزراوە فەرمیەکان

### 1- دەزگای سەرۆکایەتی (سەرۆك)

- به پێی دەستوری ولاته یەکگرتووەکان (برگەی دووەم له ماددەی دووەم) سەرۆك فەرماندەی بالآی گشت هێزه چەکدارەکانه، واتا هێزه ووشکانی دەریاییو ئاسمانیەکان.
- به پێی برگەی یەکەمی ماددەی دووەمی دستوری ولآته یەکگرتووەکان سەرۆك چەند دەسەلآتو مەرجێکی هەیە:

1. تەواوی دەسەلاتی جێبەجێکردن له دەست سەرۆك دایە، واتا سەرۆك هەم سەرۆکی حکومەتەو هەم سەرۆکی دەوڵەت.
2. ماوەی سەرۆکایەتی 4 ساڵە، یەکجاری تریش دەکرێت درێژبکرێتەوە له رێگای هەلبژاردنی گشتی. سەرۆك خۆی جێگری خۆی دیاری دەکات.
3. سەرۆك دەبێت هاونیشتمانی ئەمریکا بێت، له دایكو باوکێکی ئەمریکی.
4. نابێت تەمەنی له 35 ساڵ کەمتر بێت.
5. دەبێت لایەنی کەم 14 ساڵ له ئەمریکا ژیا بێت.
6. له حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك یان مردنی یان هەر حاڵەتێکی لەناکاو ئەوا جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە.
7. سەروكْ نابێت جگه له مووچەی خۆی هیچ جۆره داهاتێکی تری هەبێت له ماوەی حوکمڕانیدا.
8. دەبێت پێش دەستبەکاربوونی سوێندی یاساییو نیشتمانی بخوات.

**به پێی ماددەی دووەم له دەستوری ولآته یەکگرتووەکان سەرۆك چەند دەسەلآتێکی هەیە:**

**بڕگەی دووەم:**

- سـەرۆك فەرماندەی باڵای سـوپاو هێزە دەریاوانەکانو گشـت هێزە چـەکدارەکانی ترە. مافی ئەوەی هەیە حوکمەکان دوابخات و رایان گرێت. مافی لێخۆشـــبوونیشـــی هەیە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە دژ بە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمریکا دەکرێن.
- ســـەرۆك بە ڕاویژکاری لەگەڵ ئەندامانی ئەجوومەنی پیران مافی ئەوەی هەیە کە رێکەوتن ئەنجام بدات ریکەوتنامەکان واژوو بکات، بە مەرجێك ئەگەر دوو لەســـەر ســـێی ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجوومەنی پیران دەنگی پێبدەن. هەروەها بە راوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی پیران دەتوانێـــت دەستنیشانی باڵیۆزو وەزیرو کارمەندە باڵاکان و کۆنسوڵەکانو دادوەری دادگای باڵا بکات.

**برگەی سێیەم:**

- ســـەرۆك ماوە ماوە زانیاری گرنگو هەســـتیار دەدەدات بە کۆنگریس لە بارەی بارودۆخی وڵاتە یەکگرتووەکان و جیهان، هەروەها میکانیزمی چارەسەرو رووبەروو بونەوەیان پێشـــکەش دەکات. هەروەها دەتوانێت داوای کوبوونەوەی بە پەلە لە کونگرێس بکات لەســـەر باردۆخی هەســـتیارو لە ناکاو. ســـەرۆك لە هەمان کاتدا چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارو یاساکانی دەوڵەتیش دەکات.

- **بڕگەی چوارەم:**

- سـەرۆك لەکار دوور دەخرێتەوەو ئەگەر تۆمەتی خیانەتو گەندەڵیو بەرتیلو یان هەر تاوانێکی تری بەسەر ساغ بووەوە.

**بۆچی دەسەڵاتێکی زۆر بەسەرۆك دراوە؟**

- **سیستمی سیاسی ولاتە یەکگرتووەکان سیستمی تاکلایەنی دەسەلاّتی جێبەجێکردنە (آحادیة السلطة التنفیذیة) کە خودی سەرۆك هەم سەرۆکی دەوڵەتەو هەم سەرۆکی حکومەت.**
- **سیستمی سیاسی لە ولاّتە یەکگرتوەکان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاّتەکان بنیات نراوە، بۆیە تەواوی دەسەلاّتی جێبەجێکردن لەژێر کونترۆلی سەرۆك دایە، دەسەلاّتی یاسادانانیش لەژێر کۆنترۆڵی کونگرێس. واتا نە سەرۆك توانای هەڵوەشاندنەوەی کۆنگریسی هەیە نە کونگرێسیش توانای لەکارخستنی حکومەتی هەیە، تەنیا لە کاتی تاوانباربوونی سەرۆك نەبێت بە یەکێك لە تاوانەکان.**
- **هەرچەندە سەرۆك دەسەلاّتی ڤیتۆکردنی بڕیارەکانی کۆنگرێسی هەیە بەلاّم ئەم دەسەلاّتە بە ڕەهایی نیە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت بریارەکان رابگرێت یان دوایانبخات دواتر کونگرێس دەتوانیت بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامان بریارەکە تێپەرێنیت .**

**لە راستیدا ئەو دەسەلاّتەی کە دراوەتە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان زیاترە لەو دەسەلاّتانەی کە بۆ سەروك تەرخان کراوە لە هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیدا، جگە لەوەی فەرماندەی گشت هیزە چەکدارەکانە بەلاّم لە راستیدا دەسەلاّتی راگەیاندنی جەنگو بەکارهێنانی هێزیش هەر لای ئەوە. هەرچەندە بەپێی دستوور دەسەلاتی هەلگیرساندنی جەنگ دراوە بە کۆنگرێس بەلاّم بەحوکمی ئەوەی سەرۆك فەرماندەی هیزە چەکدارەکانە هەندێك جار بە بێ گەرانەوەو بۆ کۆنگریس چەندان پرۆسەی سەربازیان ئەنجامداوە بە فەرمانی دەسەلاّتی جێبەجێکردن واتا سەرۆك. چونکە وەك عورفێکی لێهاتووە ئەو کاتانەی**

**پرسەکان پەیوەستن بە پرسی ئاسایش‌و بەرژەوەندیە ئابوری‌و نیشتمانیەکان دەسەلاتی جێبەجێکردن زیاتر خۆی دەسەپێنێت.**

**پرسی بەکارهینانی هێزو جاڕدانی جەنگ هەرچەندە بە پێی دستور بە کۆنگرێس دراوە بەلاَم بۆتە پرسێکی ناکۆك لە نیوان کۆنگرێس و سەرۆکدا بەتایبەت دوای جەنگەکانی: کوریا لە 1950 و ڤیتنام لە 1964 . بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1973 کۆنگریس هەڵسا بە سنووردارکردنی ئەو دەسەلاتە لە رێگای دەرکردنی "یاسای دەسەلاّتەکانی جەنگ"- War Powers Resolution.**

## کۆنگرێس Congress –

**➡ دامەزراوەی یەکەمی یاسادانانە کە لە دوو ئەنجوومەن پێکدێت:**

1- ئەنجوومەنی پیران کە ژمارەیان 100 کەسە،

2- ئەنجوومەنی نوێنەران کە ژمارەیان 435 +3 کە دوانیان هی کانتۆنی (مقاگعە) کولۆمبیان یەکێکیشان هی پارتی سەربەخۆیە کەواتا ژمارەی ئەندامانی کونگرێس بەهەردوو ئەنجوومەنەکە 538 ئەندامە.

➡ کونگرێس دەسەلاّتێکی بالاّی هەیە لە بواری گەلاّڵە کردنی سیاسەتی دەرەکیدا، بە تایبەت پەیوەست بە رەزامەندی دەربرین لەسەر ئەو رێکەوتنانەی کە سەروك پێی هەڵدەستێت.

➡ کۆنگرێس دەسەلاّتی بەسەر خەرج کردنی دارایی ئەو گوژمەو یارمەتیانەش هەیە کە ولاتە یەکگرتووەکان بە هەندێ لایەنی دەبەخشێت وەك هاوکاری ئابوری و

سـەربازیو دارایی، ئەمەش کاریگەری دەبێت بەسـەر سـیاسـەتی دەرەوەدا چـونکە ئامرازە داراییەکان ستوونی بەهێزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان لە جیهاندا.

- هەروەها یەکێکی تر لە دەسـەلاتە گرنگەکانی کۆنگرێس وەك پێشـتریش ئاماژەمان پێدا مەسەلەی راگەیاندنی جەنگە، کە لە مادەی یەکەمی برگەی هەشتدا تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە. ئەمەش لە راستیدا لە ترسی ئەو پێشینانە بوو کە سەرۆکەکانی ئەوروپا لە کاتی جەنگدا پەنایان بۆ دەبرد، واتا لە ترسـی هەڵگیرسـاندنی جەنگ بوو. کۆنگریس لە سـەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئیسـتا 5 جار جەنگی ڕاگەیاندووە : جەنگی ناوەخۆیی ( 1861-1865) جەنگی دژ بە مەکسـیك لە 1848 جەنگی دژی ئیسـپانیا 1889 جەنگی یەکەمی جیهان 1914 هەروەها جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی 1939، جەنگی عیراق لە 2003 لە کاتیکدا ولاتە یەکگرتووەکان تا ئێستا زیاتر لە 130 جەنگی ئەنجامداوە لە دەرەوەی ولات. کەچـی بە شـێکی هەرە زۆری ئەو جەنگانە لە ژێر ناونیشانی جیا جیا ئەنجام دراون بۆ خو بەدوورگرتن لە رەزامەندی کونگرێس.

## 3- وەزارەتی بەرگری

**دەزگای سەربازیی شوێنێکی تایبەت داگیر دەکات لە سیستمی دارِشتنی برِیار لە ئەمریکا چ لە چـوارچـێوەی دەزگای جێبەجێ کردن بێت یان پەیوەندیەکانی بە کۆنگرێس لە چـوارچـێوەی پەیوەندییەکانی بە بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی، وەك دامودەزگا ئابووریەکان و گروپەکانی فشار و ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیوەندی و نوخبە تەکنۆکرات و زانستیەکان.**

## 4- وەزارەتی دەرەوە:

**بیرۆکەی دروستکردنی وەزارەتی دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1789، لە سەردەمی نوێش دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە بۆ یەکەمجار ئەمریکا بووە خاوەن دیبلۆماسـیەکی کارایی دیاریکراو لەسـەر بنەمای لێهاتوویی نەوەك لەسـەر بنەمای هەژموونی سیاسی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی.**

**وە لە لایەنی تیۆریش وەزارەتی دەرەوە بەرپرسـە لە کاروباری نێودەوڵەتی، بەڵام کارەکانی زۆربەی کات کاریگەر دەبێت بە ژمارەیەکی زۆری دامودەزگاکانی جێبەجێکردن، هاوکات لەگەڵ کاریگەری رایەکانی ئەندامانی کۆنگرێس لەسـەر کار و چـالاکیەکانی وەزارەتی دەرەوە.**

## 5- ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIA

**لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشـتی پێ دەبەسـتێت بۆ بەدیهێنانی سـتراتیژیەتی ئاسـایشـی هەواڵگری بریتیە لە دەزگای ئاژانسـی هەواڵگری ناوەندی CIA لە ڕێگەی دروسـتکردنی دەسـتەی هەواڵگری لە بواری سـەربازی و ئابووری و سـیاسـی کە سروشتێکی ستراتیژییان هەیە.**


**دەزگای هەواڵگری هەڵدەسـتێت بە پێشـکەشـکردنی راوێژکاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوەیی و پێشـکەشـکردنی راسـپاردە بۆ تەواوی دامودەزگا حکومیەکان، وە ئاژانسـیش بە فەرمانی ئەنجومەنی ئاسایش هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی چەند کارێکی جیاوازی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.**

## 6- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی

ئەم ئەنجومەنە گرنگی بە مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە دەدات، سەر بە سەرۆکایەتی ئەمریکایە، وە بەشێکی نوسینگەی جێبەجێکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکدەهێنێت. ئەم ئەنجومەنە لە لایەن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، وە ئەندامەکانی پێکدێن لە وەزیری دەرەوە و دارایی و بەرگری و یاریدەدەری سەرۆك بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی و راوێژکارانی کەرتە دیاریکراوەکان وەك راوێژکاری سەربازی (کە لە لایەن سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش نوێنەرایەتی دەکرێت) و راوێژکاری هەواڵگری (کە لەلایەن بەرێوەبەری هەواڵگری ئەمریکی نوێنەرایەتی دەکرێت).

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەڵدەستێت بە بەرگری کردن لە سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکی لەبەر دەم کۆنگرێس لە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە، وە مێژووی ئەم پۆستە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئایزنهاوەر لە ساڵی 1953.

پێکهاتەو کارکردنی هەرسێ دەسەلاتە سەرەکیەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا




ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:

**بێجگە لەو دامەزراوانەی پێشـــووتر باسمان کردن، کۆمەڵێك فاکتەری ناوەخۆ و دەرەکی هەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر دارشتنی بریارو سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

**یەکەم / فاکتەری پیشەسازی بە تایبەت پیشەسازی سەربازی**

- ✓ **نزیکایەتی یان هاوبەشی کارگە گەورەکانی پیشەسازی لەگەل دەولەت.**
- ✓ **هاوبەشی خاوەن کارگەو پیشەسازیەکانی بەرهەمهێنانی جەنگ لەگەل سیاسیەکان.**
- ✓ **پێدانی باجی گەورەی کارگەکانی جەنگیش فاکتەرێکی ترە بۆ بەرژەوەندی دەولەت.**
- ✓ **زیادبوونی بودجەی سالانەی وەزارەتی بەرگری. بۆ نموونە بۆ سالی 2010 پنتاگون داوای 718$ بلیون دەکات**

- ✓ **رولی دامەزراوەی سەربازی فراوانتر دەبێت لە کاتی قەیرانەکاندا، بۆ نموونە بوونی 2500 کومپانیای سەربازی دەتوانێت لوبییێکی کاریگەر بێت بەسەر سیاسەتی دەرەوە.**

## دووەم/ گرووپەکانی فشار :

- **بەرژەوەندیو ئامانجی هاوبەشی چەند کەسانێك یان گرووپێك یان ریکخراوێك لەسەر پرسێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو..**
- **گرووپە بەرژەوەندیخوازەکان – جماعات الچغگ .**
- **ئەم گرووپانە جیاوازن لە پارتە سیاسیەکان**

## سێیەم/ فاکتەری راگەیاندنو رای گشتی:

- **کاریگەری رای گشتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەو کاتانەدا زیاتر دەبێت:**

1. **چالاکی گرووپەکانی فشار**
2. **چالاکی دەزگاو ئامرازەکانی راگەیاندن**
3. **لە کاتی هەڵبژاردنەکان**
4. **بەشداریکردنی دەستەبژێرەکان ( نوخبەکان)**

## چوارەم/ لۆبییەکان:

- **لوبی جولەکەکان بە نموونە: هێزی لوبی جوولەکەکان لە دوو لاوەیە:**

1. **هێزی دارایی‌و سەرمایەی بەهێز و وەبەرهێنان لەناو خاکی ئەمریکادا**
2. **شارەزاییان لە بواری لۆبیکردن‌و بوونی کادیری شارەزا لەو بوارەدا**


- **لووبی جوولەکەکان پشت بە دوو بوار دەبەستن:**

1. بەکارهێنان گشـــت هێزو تواناکان بو کاریگەری دروســـتکردن لەســـەر کونگرێس و ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا لە پێناو پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل
2. وەدەســـتهینانی زورترین دەســـکەوتی ســـەربازی، دارایی و پالپشـــتی ســـیاســـی بۆ ئیسرائیل.

**پێنجەم/ ناوەندەکانی توێژینەوەو دامەزراوەکانی فیکرو راوێژکاری:**

- کاری ئەم ناوەندانە بریتیە لە پێدانی زانیاری و داتاو راوێژ لەسەر پرسە سیاسیو دبلوماســـی، ئابوری، تەندروســـتی، کومەلأیەتی، ئاســـایش، ســـەربازی..تاد. بە دامەزراوەکانی دەوڵەتو حکومەت.
- نزیکەی 1800 ناوەندی دیراســـاتو فیکرو راویژکاری بە فەرمی بوونیان هەیە لە ئەمریکا.

**دابەشبونی ناوەندەکانی فیکر (پینك تانكەکان) بە پێی ولاتان:**




**ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:**

- **بەردەوامبون لە سەرکردایەتیکردنی جیهان کارێکی ئەستەمە.**
- **رێگریکردن لە هێزی تری هەژمونگەر لەسەرتانسەری جیهان.**
- **ئاستەنگە (یاسایی‌و سیاسی)یەکانی بەردەم دەستێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی ولاتان بە تایبەت لەرێگای سەربازیەوە. بە تایبەت دوای رووداوەکانی 11 سێپتەمبەر 2001 زۆرترین رەخنە لە رەفتارە دەرەکیەکانی سیاسەتی دەوەی ئەمریکا.**
- **لە دەستدانی راستگۆیی و نادلنیایی بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جیهاندا.**
- **بە ئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە لایەن هێزە نەیارەکانی ئەمریکا.**
- **پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندیە سیاسیەکان‌و بنەما و بەها ئەخلاقیەکانی کە ولاتە یەکگرتووکانی لەسەر دامەزراوە بە تایبەتیش دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ .**
- **بەردەوامبوون لەگەل هاوپەیمانەکاندا، بە تایبەت ئەوروپاو رۆژهەلاتی ناوین.**